## " تامان شاكر" لەوەلام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

تامان شاكر/هێشتا كورد هەست بە برینی قووڵی ئەنفال ناكات/كاتێك لە ئەنفال دەدوێین، لە ژیان و ڕۆحی سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی بێتاوان دەدوێین. كە زیندە بەچاڵكران و تاڵاوی دڕندەترین مەرگیان نۆشی.ئەنفال برینێكی قووڵە لە جەستەی سڕبووی كورددا،دوای جەنگی جیهانی دووەم و لە سەدەی بیستدا كارەساتی ئەنفال دڕەندەترین كارەساتە كە بەسەر كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتبێ وەلێشی بێئا گایە نەكورد خۆی و نەكۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ورێكخراوە مرۆیەكان،و،نەداكۆكی كەرانی مافی مرۆڤ بایەخێكی ئەوتۆیان بەم كارەساتە نەداوە. دەسەڵاتی كوردیش لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو چ لە نێو كوردستان و چ لە نێو كۆمەڵگەیی نێو دەوڵەتی نەیانتوانیوە بۆ گیانی ئەنفال كراوەكان شتێكی بەر چاو بكەن، بە پێچەوانەوە هەندی لە ژنانی پاشماوەی ئەنفال كە لە ئۆردوگا زۆرە ملێكانی دەورو بەری هەولێر دەژیان بە تاوانی شەرەف لە لایەن دەسەڵاتی كوردیەوە كوژران.

نووسەرو ڕۆشەنبیرانی كوردیش چەند كەسێك كە لە پە نجەی دەست تێپەر ناكەن باس و بابەتیان لە سەر ئەنفال نووسیوە.
ئەنفال هیچی لە هۆلۆكۆستی جولەكەكان كەمتر نییە،جولەكەكان ماوەی شەست ساڵە بەدوا داچوون و لێكۆڵینەوە دەكەن،بەتایبەتی لە ئەڵمانیا. بەردەوام یادی ئەم كارەساتە بەرز ڕادەگرن هەر بەهۆی ئەم كارەساتەوە بوو جولەكە بوون بە خاوەن دەوڵەت و كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش ناچار بوو دان بە وڵاتەكەیاندا بنێت.هەر بەوەشەوە نەوەستاون لە هەر شوێنێ جولەكەیەك كوژرابێت دۆزیویانەتەوەو جوانترین گۆڕستانیان بۆ دروست كردووە چەندەها مۆزەخانەیان دروست كردووە كە ساڵانە سەدان هەزار كەس سەردانیان دەكات . بێجگە لەوەی بە هەزاران فلمیان لە سەر ئەم كارەساتە دروست كردووە ئەوانەشی بەشدار بوون لە كوشتنی جولەكەكان لە هەر شوێنیكی دونیادا بوبن دەسگیریان كردوون و داویانن بە دادگاو بە سزایی خۆیان گەیاندوون،كەچی تاوانبارانی ئەنفال بە یارمەتی دەسەڵاتی كوردیی و لە خاكی كوردستانەوە بەرێز و حورمەتەوە بۆ ئەوروپا بەرێكران. من پێم وایە هێشتا كورد بە ئاگا نەهاتۆتەوە و هەست بە برینی قووڵی ئەنفال ناكات، ئەمەش دەكەرێتەوە بۆ لاوازی ڕاگەیاندنی كوردی و لاوازی هەستی نەتەوایەتی،و دووبەرەكی نێوان حیزبەكانی كوردستان بۆیە ئەنفال نەبووەونە بەم زوانەش دەبێت بە مێژوو.

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

تامان شاكر/كۆمەڵگەی كوردی بە گشتی و ڕۆشنبیران بە تایبەتی ئەركێكی زۆر گەورەیان لە سەر شانە بەڵام بە داخەوە ڕۆشنبیری كورد وەك پێوست لەم بوارەدا جێدەستی دیار نییە،زۆربەی زۆری ڕۆشەنبیران نووسەری حیزب و دەسەڵاتن، لە سەر هەندی بابەت بە سەختی دەنووسن و هەندێكی تریان فەرامۆش كردووە.( نازانم ئێمە ڕۆشنبیرمان هەیە یان كۆیلەی دەسەلاتی كوردییمان هەیە ).

ڕۆشەنبیر دەبێت سەربەخۆ بێت،تێگەیشتنی بۆ گشت بووارەكانی ژیان هەبێت،بیرو بۆ چوونی جیاواز قبووڵ بكات،بڕوای بە دیالۆگ هەبێت ئەوەی جێگایی داخە ڕۆشنبیرانی كورد هەر ئەوەندە دژی دەسەلاتن تا دەسەڵات دەرگایان بۆ دەكاتەوە.چۆن كوردستان و پەرلەمان لە مابینی حیزبەكان دابەش كراوە،ڕۆشنبیرانیش بەسەر ئەم دووقوتبەدا ( پارتی و یەكێتی ). دابەش بوون بۆیەنەیان توانیووە هاواری ئەنفال وەكو هەیە بە گوێی كوردو دونیا ڕابگەیەنن.نەبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردیش ئاستەنگیكی گەورەیە،نەبوونی دەوڵەتی نەتەوە یانی نەبوونی ناسنامە.خرا پی شوێن و جوگرافیای كوردستان بوونی ڕژێمە دكتاتۆرەكانی ئێران و سووریاو توركیا ، هاواری كوردیان خنكاندووە.

لەم ساڵانەی دوایدا بە هەزاران لاپەرە لە سەر پارتی و یەکیتی نووسراون بە مێژووی کۆن و نوێیانەوە، بەڵام کارەساتی ئەنفال و ئەوانەی ڕزگاریان بووەو ،هەڵە بجەی شەهید، ئەو کێشانەی کە ڕاستەو خۆ پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە زۆر بەکەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، ڕاگەیاندنی کوردی لە وانەیە ساڵی جارێك ئەم کارەساتەی بیر بکەوێتەوەو بە وەستانی چەند دەقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدان کێشەکە کۆتایی پێدێنیت.
دووبەرەکی سیاسی خواستی دەسەڵاتی کوردیە. ئەمرۆ لە کوردستان ئەنفال چی و کۆنە جاش لە مناڵە شەهیدو پێشمەرگەیەك زیاتر رێزیان دەگێریت.چونکە لە یاسای خێڵ گرنگ نییە ڕابردووی تۆ چییە گرنگ ئەوەی سەر بە کام بنەماڵە و عەشیرەتی .

بوونی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر لە کوردستان یانی مەرگی دەسەلاتی کوردی بۆیە بەردەوام بوونی ئەم بارو دۆخە لە قازا نجی دەسەڵاتی کوردی دایە، لە وڵاتانی پێشکەوتودا حکومەتەکان رۆحیان لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان دەچێت لە کوردستان ڕۆژنامەنووس رۆحی لە دەسەلات دەچێت. ڕۆشنبیری کورد ئەو کاتە دەتوانێ کار بکات کە ئازاد بێت. لە کوردستان هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن موڵکی حیزبەکانە تاکە ڕۆژنامەیەکی ئازاد نییە.ئازادی ڕۆژنامە گەریی گەرەنتی کاری باش و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، ڕۆشنبیری کورد دەبێت بیر لەوە نەکاتەوە فلان ئەنفال چی لای فلان دەسەلاتی کوردیە، یان کوڕی فلان ئاغاو سەر بە فلان بنەماڵەو حیزبە کە ئەو لایەنگرە یان ئەندامە تیایە

کۆمەڵگایی کوردی دەبێت هەست بە گەورەیی کارەساتی ئەنفال بکات و لە ناخەوە بیهەژێنی ئەمەش ئەرکی رۆشنبیرانی کوردە. دەسەڵاتی کوردی ئەگەر بیەوێ دەتوانی هاوکاری رێکخراوە کوردیەکان بکات بە تایبەتی رێکخراوی( چاك ) کە پێم وایە لەم بارەوە هەوڵی باشیان داوە، کە تاوانبارانی ئەنفال چ لە کوردستان و لە دەرەوە بدرێنە دادگا بەڵام کارکردن لە ئەوروپا پێویستی بە پارە و پشتگیری هەیە،ئەوەی من بیزانم دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر ئەو رێکخراوە خۆی کردوە بە کەرەی شەربەت .هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیك بتوانین دادگایەکی هاوشێوەی دادگایی نۆرنبێرگ* لە کوردستان دا بمەزرێنین بۆ دادگایی کردنی کوردە ئەنفالچیەکان و ئەوانی تریش .

دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟

تامان شاکر/دانانی ڕۆژێکی تایبەت بۆ یادی ئەنفال بیرۆکەیەکی زۆر باشە، بەلام ئەنفال بە هەشت قۆناغ کراوە کاتەکانیشیان جیاوازە بۆ نموونە:
ئەنفالی یەك ناوچەی دۆلی جافەتی.*
ئەنفالی دوو ناوچەی قەرەداخ.
ئەنفالی سێ ناوچەی گەرمیان.
ئەنفالی چوار ناوچەی کۆیە و کەرکووك.
ئەنفالی پێنج و شەش حەوت ناوچەی پارێزگاری هەولێر.
ئەنفالی دەڤەری بادینان.
ئەمە جگە لە بێ سەروشوێنکردنی بارزانییەکان لە ساڵی 1983
یەکەم ئەنفال لە 23شوباتی ساڵی 1988 دەستی پێکردووەو لە 3 ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی هاتووە ئایا خەلکی کورد دەتوانن رۆژیکی گونجاو لەم رۆژە رەشانەدا دیاری بکەن بۆ یادی ئەنفال؟ چونکە خەڵکی کوردستان تائێستا هەر خەریکی شەرە پەرۆن. پێم وانییە بەم زوانەش واز لەم بەزمە بهێنن.
ئەگەر بە من بوایە هەموو ڕۆژێك بەرنامەیەکم لە تیڤیەکان ئامادە دەکرد بۆ یادی ئەنفال
باشترین پارەم خەرج دەکرد بۆ دروست کردنی فلم لە سەر ئەم کارەساتە و لەگەل ئەوانەی لەم کارەساتە رزگاریان بووە، بۆ ئەوەی هەمیشە یادی ئەنفال بەرزو زیندوو بێت لە عەقل و ویژدانی گەلی کوردستان.

---

*نورنبێرگ شاریکە لە خوارووی ئەڵمانیا دوایی جەنگی جیهانی دووەم نازیەکان لەوی دادگایی کران .
* ئەو زانیاریانەم سەبارەت بە قۆناغەکانی ئەنفال لە کتێبەکەی بەرێز ( شۆرش حاجی ) بە ناوی ئەنفال/ کوردو دەوڵەتی عێراق وەرگرتووە.